# ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لە شیعرەکانی نالیدا

**سامان جلال عزیز، فریاد حەمامین محمد**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە–** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لەشیعرەکانی نالیدا)یە. تێیدا هەوڵمانداوە ئەو ڕەگەزە ڕۆمانتیکییانە بدۆزینەوە، کە لە شیعرەکانی نالیدا ڕەنگییانداوەتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی تیۆری هەریەک لەو ڕەگەزانە بە گشتی ناسێنراون. توێژینەوەکە بووە بە وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی: کە ئایا دەکرێت ڕێبازە ئەدەبییەکان بازنەیەکی داخراوبن و لەخاڵێدا کۆتاییان بێت یان لەکات و زەمەنێکی دیاریکراودا دەستپێبکەن و ڕەگەزەکانییان پەیوەندییان بە ڕێبازەکانی پێش خۆیان یان دوای خۆیانەوە نەبێت؟ یان بەپێچەوانەوە؟ یاخود دەکرێت شیعرێک کە سەر بەڕێبازێکی ئەدەبی بێت، ڕەگەزی ڕێبازێکی تری ئەدەبی تیادا هەڵهێنجرێت؟ بۆ ئەمەش شیعرەکانی نالی و ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانی کراون بەپێوەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو ڕاڤەکردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا.توێژینەوەکەمان بەپێی میتۆدی(وەسفی شیکاری) پێشکەشکردووە و پێکهاتووە لە دوو بەش و ئەنجام و پوختەی توێژنەوەکە، بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

**کلیله ووشەکان:** ڕەگەز،ڕۆمانتیک، کلاسیک، شیعر.

## پێشەکی:

هەریەک لە ڕێبازەئەدەبییەکان لەقۆناغ و سەردەمەکانی خۆیاندا خاوەنی کۆمەڵێک ڕەگەزو پڕەنسیپی تایبەت بەخۆیانن، کە دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرانە خوێندنەوە بۆ شیعری ئەو قۆناغە یاخود شاعیری سەر بەو ڕێبازە بکرێت، بەڵام هەندێکجار شاعیران یاخود نووسەران ئەم بەربەستە تێدەپەڕێنن و بەرهەمەکانیان تەنها لەچوارچێوەی ڕیبازێکدا ناسوڕێتەوە، ئەمەش هێزێکی زیاتر بە بەرهەمەکەی دەبەخشێت وادەکات هەڵگری فرە تەئویلی بێت و دەرفەتی لێڕوانینی لە ڕەهەندی جیاوازترەوە بۆ دەڕەخسێنێت.

ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا بە ناونیشانی(ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لە شعرەکانی نالیدا) باس لەو ڕەگەزە ڕۆمانتیکییانە دەکەین کە لەشیعرەکانی نالیدا هەن،ئەگەرچی نالی لەڕووی مێژووییەوە لە قۆناغێکدا بووە کە پێی دەوترێت سەردەمی کلاسیک و شیعرەکانی پەیڕەوی دەستوورەکانی ئەم ڕێبازەیە، بەڵام هێزی شیعرەکانی نالی سنووری ئەم ڕێبازەیان بەزاندووەو جیلوەی ڕەگەزی بەشێک لەڕێبازە ئەدەبییەکانی تریش لەشیعرەکانیدا دەدرەوشێنەوە، کە باسەکەی ئێمە دەستنیشانکردنی ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانە .

لەم باسەماندا، کە دابەشکراوە بۆ دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم بەشێوەیەکی تیۆری کورتەیەکمان لەسەر هەریەکێک لەو ڕەگەزە ئەدەبییانە باسکردووە کە لەبەشی دووەمدا بە وردترو پراکتیکییانە لێی دوواوین، بەشی دووەمیش بەشێوەیەکی پڕاکتیکی و بە کۆمەکی شیعرەکانی نالی ئەو شیعرانەمان دەستنیشانکردووە کە هەڵگری ڕەگەزێک یان زیاتر لە ڕەگەزێکی ڕۆمانتیکین .

هەوڵمانداوە بەپێی میتۆدی (وەسفی شیکاری) توێژینەوەکەمان پێشکەشبکەین.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بەو ڕاستییانەی کە شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتی و شیعرەکانی نالی بەتایبەتی ، تەنها لە گۆشە نیگایەکەوە ناکرێت لێیان بڕوانین و لەناو سنوورێکی داخراوو کلاسیکییانەدا بچووکی بکەینەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەپێمان دەڵێت:پەیوەندی نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان پەیوەندییەکی تەواوکارییەو دەتوانین بڵێین:هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکان ئەڵقەیەکی پەیوەندی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، بە واتایەکی تر مەرج نییە بازنەی هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی و بەتایبەت کلاسیک بازنەیەکی داخراوبێت و دابڕاوبێت لە ڕێبازە ئەدەبییەکانیتر، چونکە دەکرێت لەقۆناغی کلاسیکدا بەرهەمێکی ئەدەبی یاخود شیعرێک نووسرابێت،بەڵام هەڵگری هەمان ئەو پەیامە یان ئەو ئایدیایە بێت کە ڕێبازێکیتر بانگەشەی بۆ دەکات.

میتۆدی پەیڕەوکراو لەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی وەسفی شیکاری)یە.

## بەشی یەکەم
## ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لەئەدەبی کوردیدا

شیعری ڕۆمانتیکی کوردی لەکۆمەڵێک ڕەگەز پێک دێت، کە هەریەکێک لەو ڕەگەزانە ڕۆڵ و گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ڕەنگانەوەی ئەم ڕەگەزە لە شیعرەکەداو پاڵپشت بەتوانا و لیهاتوویی شاعیر بەها و جوانی بەشیعرەکە دەبەخشێت، بۆیە ئەگەر هات و هەریەکێک لەم ڕەگەزانە لەئاستێکی بەرزدا بەکارهاتبوو ئەوا بنیاتی وێنەیەکی ئاست بەرزی ڕۆمانتیکی دروست دەکات، هەرچەندە هەریەکێک لەم رەگەزانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لەهەمان کاتدا بەکارهێنانیان لەڕووی چەندێتییەوە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، ڕەنگە لای شاعیرێک چەند ڕەگەزێک بەزۆری هەست پێبکەین، بەڵام لای شاعیرێکی تر بەوشێوەیە نەبێت.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp99-108

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 2 حزيران 2025؛ قُبل في 27 تموز 2025؛ نُشرت في 5 شباط 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :fryadhama978@gmail.com, saman.aziz@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2026 سامان جلال عزيز، فرياد حەمامين محمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەگشتی ڕەگەزەکانی شیعری ڕۆمانتیکی کوردی زۆرن، هەریەک لەتوێژەران بەشێوەیەک پۆلێنیان کردوون، ئێمە هەوڵدەدەین بەلەبەرچاوگرتنی ئەوکارانەی لەم بوارەدا کراون ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانی شیعری کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین

**یەکەم: خودیی (خودێتی):**

خود لای ڕۆمانتیکەکان پیرۆزو سەرچاوەی داهێنان بوو،نەک بابەتی بوون وەک چۆن لای کلاسیکەکان باو بوو، ئەزموونە خودییەکان دەبوونە سەرچاوەو ئیلهام بۆ گوزارشتکردن لە هەستە خودییەکان(ترس، شەرم، خۆشەویستی، مەرگ ...هتد،)" بەوپێیەی شیعر دەربڕینە لەهەست و هەڵچوون و ئەزموون و بیری خودی شاعیر، ئەمەش وادەکات هەموو ئەمانە لەهەناوی شیعرەکەدا ڕەنگبداتەوە، هەربۆیە لێکۆڵەران ئەرکی خودییان وەک ئەرکێکی سەرەکی و گرنگی شیعر بینیوە، کە شاعیران دنیابینی تایبەتی و خودی خۆیان لەشیعردا ڕەنگرێژ کردووەو شیعریان وەک ئاوێنەیەکی باڵانما و پیشاندەری خۆیان تەماشاکردووە، چونکە شیعر دەربڕینە لەهەموو ئەوانەی کەبەبیرو هەستیاندا دێت و دەچێت و هەموو ئەمانەش کەکار لەدەروونی شاعیر دەکەن، لەهیواو خۆشی و ئازار و نائومیدی و ڕق و خۆشەویستی"( مەحمود، ٢٠٢٢: ٧٥). هەڤاڵ ئەبوبەکر دەربارەی ئەم ڕەگەزە هونەرییە لەشیعردا دەڵێت" ڕەتکردنەوەی تیۆری لاساییکردنەوە، بەو مانایەی بەرهەمی ئەدەبی دەبێت کارێکی داهێنەرانە بێت لەڕێگای خەیاڵێکی سەرکەشانە و سۆزێکی هەڵچووانەوە، کەپابەندی دەست و پەنجەی زەینی خودی تاکەکەس بن، نەک وابەستەی پێوەری گشتی ئامادەکراو وەک لەکلاسیکیدا هەیە، لای ڕۆمانتیکەکان تاکەکەس(الفرد) هەرکەسێک بێت، توانایەکی لەبن نەهاتووی توانستەکانە، گەر هەل و زەمینەی بۆ بسازێنرێت، پێشکەوتن بەرهەم دەهێنێت" (حوسێن، ٢٠١٠: ١٥١-١٥٢).بەم شێوەیە چۆن خولیاو ئاواتی کلاسیکەکان پەیوەندی بەخولیاو ئاواتی کۆمەڵەوە هەبووە، لە ڕێبازی ڕۆمانتیکدا بەپێچەوانەوە پەیوەندی بەخودەوە هەیە " تاکەیی، یان تاکەکەسی و خۆیەتی، یان خودویستی و خودپەرستی لەڕێبازی کلاسیزمدا خولیای کەسی دی و کۆی خەڵکەکەی لەخۆدەگرت، بەڵام لەڕێبازی ڕۆمانسیزمدا کار بەپێچەوانەوە سووڕ دەخوات، خەون و خولیای ئارەزووەکانی تاکەکەس، یان جیهانی تایبەتی تاکەکەس گشت جیهانو هەموو شتێک لەخزمەتی ئەو ویست و ئارەزووە سەربەخۆیەدایە، هەرچۆن ڕۆمانسیزم بەتەواوەتی پشت بەسۆز دەبەستێت، سۆزیش خۆی لەخۆیدا تاکەکەسی و خودیانەیە، بۆیە تاکێتی لەسەرووی هەمووانەوەیە" (سالار، ١٩٨٥: ١٢٥)، هەر ئەم خودیبوونە و گرنگیدانەش بەخود وایکردووە، کە لەڕێگای ئەم ڕەگەزەوە شیعری ڕۆمانتیکی بناسینەوەو پێگەی ئەم ڕەگەزە لەناو شیعری ڕۆمانتیکیدا بەئاسانی هەست پێبکەین.

**دووەم: سروشت:**

سروشت و ڕۆمانتیک دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، هەمیشە سروشت وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بەبەرهەمی ئەدەبی دەبەخشیت،بەتایبەتی لەبەرهەمی ڕۆمانتیکدا"بێگومان زۆر شت هەیە لەسروشتدا دەبێتە مایەی ئیلهام بەخشین بەشاعیر، وەک مرۆڤێکی خاوەن هەستێکی ناسک، تەنانەت عەشقی سروشت و جوانییەکەی یەکێکە لەبنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکییەت لەئەدەبدا، چونکە سروشت لەم ڕێبازەدا دایکی دووەمە بۆ مرۆڤ"(ئیسماعیل، ٢٠٠٨: ٥)، تەنانەت "ئەرستۆ کە وتوویەتی هونەری هۆنراوە لاساییکردنەوەی سروشتە مەبەستی دووبارەکردنەوەی سروشت نییە، بەڵکو مەبەستی خولقاندن و داهێنانی بەرهەمێکی تازەیە کە دەنگدانەوەی بوونە لەقەوارەی هەست و نەست و سۆزو ئارەزوو و ئەندێشەی هەستیاراندا"( بەصیر، ١٩٩٣: ٨٠) هەروەک چۆن ئەرستۆ خۆی لەبارەی لاساییکردنەوەی سروشتەوە دەڵێت"دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی وەکو جۆرەکانی لاساییکردنەوە(imitation)، یان نواندن(representation) باسی شیعری داستانی و تراجیدی ، شیعری کۆمیدی و شیعری دیترامبی و زۆربەی ئەو ئاوازە بکەین، کە بۆ نای و چەنگ دانراون، بەڵام ئەمانە لە سێ لاوە لەیەک جیا دەبنەوە، یان لەبەکارهێنانی وەسیلەی جیاواز بۆ لاسایی کردنەوە، یان لە لاسایی کردنەوەی بابەتی جیاواز، یان لە لاسایی کردنەوەی بابەتەکان بە ڕێگاو شێوازی تەواو جیاوازەوە"(ئەرستۆ،٢٠١١: ١٣). کەواتە بەئەندازەی وردبوونەوەو و قوڵبوونەوەو بەکارهێنانی تەکنیک لەو سێ ڕەگەزەی باسکران لاساییکردنەوەکە دەبێت بە داهێنەرانە

ئەم قوڵبوونەوەو توانەوەیەش لەناو سروشدا دەبێتە ئیلهامبەخشی نووسینی ڕۆمانتیکییانە" ڕۆمانتیکەکان پێیان وایە لوتکەی خۆشی و شاگەشکەبوونی مرۆڤ لەتوانەوەیدایە لەخۆشەویستی سروشتدا، چوونە ناو سروشت و فەنابوونە تیایدا، وەک چۆن سۆفییەکان لەداوێنەی خۆشویستنی خودادا پێی دەگەن"(حوسێن، ٢٠١٠: ١٥٤)، شێرکۆ بێکەس لەبارەی کاریگەری سروشتەوە دەڵێت"سروشت سەرچاوەی یەکەمی هەموو شتەکانە، بەبێ سرووشت شتێک نییە کە پێی بووتریت شیعر، هێزی سروشت دەفعێکی بەقووەت دەدات بە هێزی شیعر، من بۆخۆم بەبێ سروشت ناتوانم هیچ بنووسم، لەچلەوە بۆ گووڵ و بۆبەردو ئاوو بەردەوام لەدووبارەبوونەوەن، بەڵام هەرجارەی بەشێوەیەکی تازە، سروشت بەشێکی گەورەی تەجروبەکەم پێک دێنێت"(عیسی، ٢٠٠٩: ٢٨١). هەربۆیە "سروشت هەمیشە ئەو شوێنە بووە کە ڕۆمانسییەکان پەنایان بۆ بردووەو تیایدا ئاسودە بوون و دوور کەوتوونەتەوە لەکۆت و بەندی کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیەی کەدنیای شارستانییەتی دروستکردووە"(محمد، ٢٠١١: ٧٦).

لەناو ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی کوردیدا کاریگەری ئەو ژینگەو سروشتەی کە مەڵبەندی ژیانی شاعیران بووە لەڕووی جوگرافییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر بەرهەمەکانیانەوە دیارە، چونکە" شاعیرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی کەم تا زۆر سروشت پەروەرییان لێ بەدی دەکرێ، بەهۆی ڕەنگینی و ڕازاوەیی دیمەنەکانی کوردستان و بەفەرِی دەشت و چیاکانییەوە"(قەرەداغی، ١٩٧٨: ٣)، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم مەبەستە ڕەنگە ئەو وێنە هونەرییانە بن کە لە شیعرە سروشتییەکانی مەولەوی وگۆراندا ڕەنگیان داوەتەوە.

**سێیەم: ئازادی لەدەربڕیندا**

مەبەست لەئازادی، واتە ئازادبوون لەنووسین و دەربڕیندا، شکاندنی کۆت و بەندە دەستوورییەکانی کلاسیزم، بەرەڵاکردنی باڵندەی خەیاڵ لەشووڵی قەفەزی دەستووربەندی ڕێسا کلاسیکییەکان "سەربەستی لەکۆت و پێوەند و کڵێشەی ئامادەکراو، لەگشت داب و ڕەسم و نەریت و یاسایەکی کلاسیزمانەو کۆن، ئازادبوون لەگشت بەربەست و سنوورو عوزمێکی کۆمەڵایەتی، بەرەڵابوون پڕپەگیانی ئارەزوو"( سالار، ١٩٨٥: ١١٧)،هەر ئەمەش وایکرد ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو ڕەهەندە سەرەکییانەی دەبن بەبەشێک لە فراوانکردنی پانتایی دەربڕینی شاعیر و گۆشەی ڕوانینی فراوانتر دەکات،کە لەئەنجامدا تیۆری گوزارشتکردنی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم تیۆرە"ڕەهەندە دەروونییە پشتگوێ خراوەکانی وەک هەست و سۆزو پاڵنەرو هەڵچوون و خەیاڵی کرد بەچەقی قورسایی گرنگی پێدانی خۆی، لەو ڕێگەیەشەوە بەهای بۆ شاعیر گێڕایەوە وەک خودێک کە خاوەنی ئەم پێکهاتە دەروونیانەیە، مەفهومی بێدەسەڵاتی لەشاعیر داماڵدراو لەوبیرکردنەوە ئەبستراکتە عەقڵیە فەرزکراوە ڕزگارکرا"(مەلازادە، ٢٠٢٠: ٣١٤)،هەر بۆیە شاعیران و نوسەرانی سەر بەم ڕێبازە

ئەدەبییە پێیان وابوو کە"هونەرمەند کەلەبارەی کۆمەڵ و قانوونە ئەخلاقییەکان داوەری بکات و بیروڕای هەبێ،ئەمەش لەپێناو هێنانەئارای زەمینەیەکی پێشکەوتووتر، ئەدەب و هونەر نابێ بەقانوونی وەها ببەسترێتەوە، کەعەشق و هۆگری و پەیوەندی و خەیاڵ سنووردار بکەن، ئەدەبیات و هونەری ڕۆمانسی، بەپێچەوانەی ئەدەب و هونەری کلاسیزم،دەتوانن هەموو کێشەیەکی ژیان،جوان و ناشرین،بەرزو نزم، چ باش چ خراپ بکەنە بابەتی دەربڕین و لێکۆڵینەوەی خۆیان، واتە باسکردنی ژیانی هەردوو چینی سەرەوەش و خوارەوەش..نەک تەنیا دەربڕینی ژیانی چینی سەرەوە وەک لای کلاسیزم باوبوو"(پیرباڵ،٢٠٠٦: ٦٧-٦٨)

"ئازادی و سەربەستی لەو پرنسیپانە بووە کەلەسەر ئاستی تاکەکەسی و گشتی بانگەوازی ئازادی بۆ ئەدەب و هونەر و بوارەکانی تر کردووە،وەک(ئازادی تاکەکەسی،ئازادی فکر، ئازادی سۆز، دەربڕینی ئەدەبی ئازاد، خوازیاریش بوون کەنووسەر و ئەدیب و کۆمەڵگە لەکۆت و بەند و سستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی ئازادبن)"( محمد، ٢٠١٢: ٧٧). بەم جۆرە ئازادی لەدەربڕیندا بووە هەوێنی گەشەکردنی هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تری ڕۆمانتیک.

**چوارەم: هەڵچوونە کەسییەکان**

شاعیرانی ڕۆمانتیک ئەوەندەی بەدوای هەست و سۆزەکانیاندا وێڵ بوون ئەوەندە بەلای عەقڵدا نەچوون،وەک کلاسیکەکان، ئەم سوڕانەوەیەش بەدەوری هەستەکاندا، دەبێتە هۆی جۆشدانی دەروون و دواجار بەڕێگای هەڵچوونێکی دەروونیدا لەکورەی دەرووندا دێتەدەرەوەو پەخش دەبێ، چونکە هەروەک وتمان"لای ڕۆمانسییەکان، لەپاڵ عەقڵدا، دڵ و هەست و سۆزیش دنیایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، لای مرۆڤ هەست و نەست پێش فکرو عەقڵ دەکەوێت، هەروەها ئارەزووش زیاتر لەهەقیقەت کاریگەرێتی هەیە، لەم ڕووەوە، بەرای ڕۆمانسییەکان پێویستە هەست و هەوەسەکانی ڕوح، پێشچاو بخرێن و لێیان بکۆڵدرێتەوە، ئەلفرێد دی موسێ دەیگوت: ئێمە دەبێ ورێنەکانیشمان بنووسین، واتە دڵ دەبێ بێ قەیدو بەند هەرچی شتێکی حەزدەکا بیڵێ"(پیرباڵ، ٢٠٠٦: ٧١) چونکە"دەروونی کەسی ڕۆمانتیکی، دەروونێکی هەڵچوو و گڕگرتوو و ناڕازییەو شکاوەتەوە بەسەر خۆیدا"(حوسێن،٢٠١٠: ١٤٣)،ئەمەش پەیوەندی بەو بەناوایەکداچوونەی هەستەکان هەیە لەلای مرۆڤ بەگشتی و  لەلای شاعیری ڕۆمانتیکی بەتایبەتی.

"ڕۆمانسییەکان بە هەست و سۆزو خەیاڵەوە پابەندن، بەلای ئەوانەوە لەکەناری ئەقڵ و سروشتدا جیهانێکی تر هەیە، کە ئەویش دڵ و هەست و سۆزە، گومان لەوەدا نییە کە لە گیانی مرۆڤدا هەست لەخەیاڵ زیاتر و ئارەزووش لەڕاستی زیاتر کاریگەرییان هەیە،دەبێت دڵ بەبێ کۆت و پێوەند قسەبکات"(رمضان، ٢٠١١: ١١)، ڕێکخستنەوەی ئەم هەڵچوونە دەروونیانەو ڕێکخستنەوەیان لەلایەن شاعیرەوە لەشیعرێکدا، بەسیستمێکی عەقڵیدا تێپەڕ دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی توانای شیعری شاعیرو دەسەلاتی بەسەر شیعردا دەردەخات، چونکە"شاعیر دوای بارگاوی بوونی بەسۆزو هەڵچوونەکان و تێکەیشتن لەدیاردەکان لەلایەک هەروەها گواستنەوەی وێنەو دیمەن و وروژێنەرەکانی سروشت بۆناو خەیاڵ و وردکردنەوەو دارشتنەوەو بیناکردنەوەی وێنەکان بەفاکتەری پرۆسە عەقلییەکان، هەڵدەستێت بەگوزارشتکردن لەم کارلێکە ناوەکییە"(مەلازادە،٢٠٢٠: ٣١٠).

**پێنجەم: وێنەی هونەری**

یەکێک لەپایە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی شیعر ،وێنەی هونەرییە.بۆیە ڕەخنەگران بە ڕەگەزێکی گرنگی شیعریان داناوە و وەک بەشێکە لە ڕوحی ئیستاتیکیانە لەجەستەی شیعردا، وێنەی هونەری لە شیعردا پەنگ خواردنەوەی بەشێکە لەڕەگەزەکانی (هەست و نەست و سۆزو ئەندێشەو ...هتد)ە کەدواجار لەڕێگای وێنەیەکی هونەرییەوە پیشان دەدرێن، چونکە  یەکێک لەئەرکەکانی وێنە بریتییەلە "دووبارە دروووستکردنەوەی واقیع، ئەو واقیعەی کە شاعیر وەری دەگرێ، هەڵیدەوەشێنێتەوەو جارێکی تر بەشێوازێکی ئەدەبی دایدەڕێژێتەوە و لەناو وێنەیەکی هونەریدا سەرلەنوێ بنیاتی دەنێتەوە، چونکە وێنە ئەو هۆکارەیە کە ئەرکی بەرجەستەکردن و بەکەس کردنی دەگرێتە ئەستۆ"(گەردی، ٢٠٠٢: ٤٩)هەروەها"وێنەی هونەری ، جەوهەری شیعرەو گرنگترین ئامرازەکانی شاعیر بۆ گواستنەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی و دەربڕینی واقیع، چەقی کۆبوونەوەی ئەزموون و بیرۆکەکانی شاعیرەو ئامرازێکە دەمانگەیەنێتە درککردنی ئەزموونی شاعیرو هاوبەشیکردن لەهەست و سۆزەکانی، پاش ئەوەی بابەتی دەرەکی و بیرۆکە  تایبەتییەکانی شاعیری جوانترکردو نرخی دەربڕینێکی پێبەخشی، کە پێشتر نەبوو، لەو بابەتەی کە لەگەڵ ناخی شاعیردا ئاوێتەبووبوو لەشێوەی دربڕینێکی تایبەتدا دایڕشتەوە، لەدەربڕین بەوێنەدا هەستەکان بەرجەستە دەکرێن و بیرۆکەکان بەکەس دەکرێن و دیدی تایبەتی جیهانی شاعیر دەربارەی پەیوەندییە شاراوەو ڕاستییەکان ئاشکرا دەبێت"( ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٠).

ئەم گرنگییەی وێنە لە شیعردا ڕۆژ بەڕۆژ جێگای بایەخی زیاتربووە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە، بەجۆرێک" لەشیعری نوێدا بایەخی وێنە گۆڕاو زیادی کرد، بەرادەیەک زۆرجار زاراوەی وێنە وەک هاوتای وشەی شیعر بەکاردەهات، کە دەگوترا فلان شاعیر وێنەیەکی پێشکەشکردووە، مەبەستیان لەوەبوو شیعرێکی پێشکەشکردووە"(عەزیز، ٢٠٢٢: ٢٩)، بێگومان جوانی و کاریگەری و ڕادەی چەسپاندنی ئەم وێنەیەش لەلای خوێنەر پەیوەندی بەتوانای خودی شاعیرەوە هەیە، چونکە" وێنەی شیعری هەرچەندە جوان بێ، شاعیری سەرکەوتوو دەستنیشان ناکات، تەنیا لەوکاتەدا نەبێت کە بەسۆزی ناسک و ئەندێشەی خولقێنەر ڕازابێتەوە تا بتوانێ هەست و سۆزی گوێگر یان خوێنەر ڕابچڵەکێنێ"(فەتاح، 2014: ١٩٩)،چونکە "یەکێک لەئەرکە سەرەکییەکانی وێنە ئەوەیە کە هەست پێکردنی شتەکانمان بۆ ئاسان دەکات و  بەهۆی بەرجەستەکردن و بەکەسکردن و بەقەبارەکردنیانەوە وادەکات هەستیان پێبکەین"(گەردی، ٢٠٠٢:٥٠).هەربۆیە "دەکرێت شاعیر بۆ وێنەگرتنی دیاردەو دیمەنەکان  زیاتر پشت بەهەستەکانی(بینین، بیستن، چەشتن، بەرکەوتن، بۆنکردن)ببەستێت، نەک بەتەنها هەستی بینین وەک ئەوەی بەشێک لە ڕەخنەگران بۆی چوون"(کەریم، ٢٠٠٩: ٢٢).

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لەهەر گۆشەیەکەوە لە بەرهەمێکی شیعری بڕوانین، دەتوانین لەڕێگەی ئەو وێنەهونەرییانەوە کەبەکارهاتوون تواناو لێهاتوویی و کاریگەری شاعیرەکە دەستنیشان بکەین.

**شەشەم: سۆز :**

کاتێک باس لەشیعری ڕۆمانتیکی دەکرێت، سۆز دەبێتە یەکێک لەڕەگەزە خودییە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە، دەرخستن و پەردەلادان لەسەر ناوەوەی ناخی مرۆڤ بەجولاندن وبزواندنی هەست و سۆز زیاتر جۆش دەخوات، چونکە"بەرزڕاگرتنی سۆزێکی قووڵ کەسەرچاوەکەی دڵ و دەروونی مرۆڤ بێت نەک یاساکانی ناو کۆمەڵگا، سۆز دەبێتە بنەمایەکی سەرەکیی لای ڕۆمانتیکییەکان و تا ئەوەی دەگەنە ئەو

بڕوایەی(سۆز بە پیرۆزترینی پیرۆزییەکان بزانن)، سۆزێکی سەرکەشانە، سەرسوڕهێنی و سەیروسەمەرەیی، بەهۆی ئەوەی مرۆڤی ڕۆمانسی، مرۆڤێکی ئاڵۆزە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەزۆرجار پەیڕەویی لەپەیڕەوێکی عەقڵانی باو ناکات، بۆیە شیعر لەفەلسەفە بە پیرۆزتر دەزانێ و سۆز زاڵدەکات بەسەر لۆژیکدا"(حوسێن، ٢٠١٠: ١٤٥)، هەربۆیە دەتوانین بڵێین " سۆز بریتییە لەو بارە دەروونییەی کە شاعیر پیایدا تێپەڕدەبێت و دەبێتە هۆی لەدایکبوونی شیعر، سۆز یەکێکە لەڕەگەزەکانی وێنەی شیعری، وێنە بەبێ سۆز وشکەو هەست نابزوێنێت دیارە هەر سۆزە کە جوانی و کاریگەری و چالاکی بەردەوامی بەوێنە دەبەخشێت، هیچ دەقێکی ئەدەبی کەشیعر بێت بەبێ سۆز بوونی نییە، دیارە زمانی سۆزیش دەبێت ناسک و دڵڕفێنبێت دوور لەزاراوەی زانستی و وشەی قورس بێت بۆئەوەی خوێنەر لەبیری سۆزەکە دوور نەکەوێتەوەو خۆی بەلایەنەکانی ترەوە خەریک نەکات"(ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٠٥) هەر ئەمەش وادەکات خوێندنەوەی بەرهەمێکی ڕۆمانتیکی زیاتر لەهەر جۆرێکیتر هەست و سۆزی خوێنەر بجوڵێنێت، چونکە"هەست و سۆز بایەخێکی تایبەتی و فراوانی پێدەدرێت، بەبنەمایەکی سەرەکی بنیاتی شیعر دادەنرێت، لەم بارەیەوە کامل بەسیر دەڵێت: لەزانستی دەروونیدا بەوە پێناسە دەکرێت کە دیاردەیەکی ویژدانی و دەروونییە، لەهەست و نەستی خاوەنەکەیەوە، لەبەر چەند هۆیەکی ماددی بیرو هەڵچوونی شەپۆل دەداو بوون و قەوارەی دەگرێتەوە، لە ڕەنگ و دەنگ و بزووتنەوەی لەشیدا دەنووێنێ، ئەم دیاردەیە ئەگەر هاتوو لەوێژەدا ئەنجامدرا پێی دەوترێت سۆزی وێژەیی، سۆزی وێژەیش بەوە دەناسرێت کە هێزێکە لەدەروونی خوێنەرو وێژەدا، بەهۆی خوێندنەوەی تێکستی وێژەیی بەرپا دەبێت و دانەری تێکستەکە وێژەییەکە بنیات دەنێ"(مەولود، ٢٠٠٧: ٩٤) و"دەبێ بزانرێ، لای ڕۆمانسییەکان لەپاڵ عەقڵدا، دل و هەست و سۆزیش دنیایەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، لای مرۆڤ هەست و نەست پێش عەقڵ دەکەوێت، هەروەها ئارەزووش زیاتر لەهەقیقەت کاریگەریتی هەیە، لەم ڕووەوە، بەڕای ڕۆمانسییەکان، پیویستە هەست و هەوەسەکانی ڕوح، پیشچاو بخرێن و لێیان بکۆڵدرێتەوە"(پیربال،٢٠٠٦:٧١)ئەمەش لەوەودێت کەسۆز"دەربڕی هەستەکانە لەڕۆمانسیزمداو وێنای فکر و بۆچوونەکان دەکێشێ بەئاراستەیەکدا کە دژی عەقلە، هەروەها(سۆز تاکەکەسی تیدەپەڕێنێ و بەرەو کێشەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی هەنگاو دەنێت) ڕۆڵێکی باڵای هەیە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعریی (لەڕێگای وێنەوە هەست و سۆزو ئەندیشە دەگەیەنرێتە خوێنەرو کار لەدەروون دەکات، کەلای شاعیرە ڕۆمانسییەکان هەست و سۆز بایەخی تایبەتیان پێدەدرێت، چونکە دەربڕی دیدو بۆچوونەکانی شاعیرە)"(محمد ،٢٠١٢:٧٤)

کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەست و سۆز بەوپێیەی بەشێکن و لەموعاناتی شاعیرو وەک بەشێک لەهەڵچوونە دەروونییەکان گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت و لەڕێگەی ئەو وێنە شیعرییەوە کەبەهۆی ئەم ڕەگەزەوە دروستی دەکات دەیگەیەنێت بەخوێنەر.

**حەوتەم: ئەندێشە**

ئەندێشە یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، رەگەزێکی کاریگەر و گرنگی ئەدەبە، بەتایبەت لای ڕۆمانتیکەکان پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەوپێیەی کە ڕۆمانتیکەکان ویستوویانە لە دنیای واقیع دووربکەونەوەو بەهۆی خەیاڵ و ئەندێشەکانیانەوە پانتایی هۆنراوەکانیانیان پێ ڕەنگرێژبکەن و ئەندێشە بکەن بە وەسیلەیەک بۆ دەربڕینی ئەو دنیا خەیاڵییەی لەخەیاڵدانی خۆیاندا هەیە، عەلائەدین سەجادی لەبارەی ئەندێشەوە دەڵێت" ئەندێشە کە خەیاڵە، گومان و تەوژمێکی تیژتێپەڕی پەنهانییە لەدڵا، وەیا هێزێکی پەنهانییە، تاپۆی ئەو یادانە دەهێڵێتەوە کە مایەکانیان ون بوون، بێگومان ئەگەر ئەندێشە نەبێت، ئیشی بەیان و ئەدەب ئەوەستێ، لەبەر ئەمە بۆیە ئەندێشە بووە بەپایەیەکی هەرەگەورەی ئەدەب، تەنانەت ئەگەر ئەندێشە نەبێت وێنە ناتوانێت وێنەی گوزارە بکێشێت و پڕی بکاتەوە "( سەجادی، ٢٠٢١: ٩٣).کەواتە رەگەزێکی گرنگ و پێکهێنەر کە ببێتە پایەی دروستکردن و چنینی وێنەی هونەری لەشیعردا ئەندێشەیە"ئەندێشە ڕۆڵی گرنگی لە چنینی دەقی شیعریدا هەیە و هێزی دەروونی شاعیرە، ڕاستەوخۆ واقیع ناگوازێتەوە بەڵکو بەهۆی چنینی چەند وێنەیەکی شیعری دەتوانین تواناو داهێنانی شاعیری تیا دەستنیشان بکەین،'ڕۆمانسییەکان دەیان گووت ئەندێشە کاتێ کەچالاکی خۆی جێبەجێ دەکات ئەو شتانە دەکات کە عەقڵی ئاسایی ناتوانێ بیانگاتێ، بەلای ڕۆمانسییەکان ئەندێشە تاکە هێزە کە شاعیر دروستی دەکات لەبەرئەوەی ئەندێشە شتێکی پیرۆزە"( مەولود، ٢٠٠٧: ٩٥-٩٦)." بێگومان ئەندێشەش بۆخۆی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەسۆزەوە دەبێت و تا سۆزەکە بەهێزتربێت، ئەوا پێویستی بە ئەندێشەیەکی بەهێزیش دەبێت و بێهێزی هەریەکەشیان کار لەویتریان دەکات"(عەلی، ٢٠٠٧: ١٦٩).

دیارە لەڕێبازی کلاسیکدا شاعیران زیاتر تەرکیزیان لەسەر عەقڵ بووە بۆ دروستکردنی وێنەی هونەریی و مەبەستی شیعریان، بەڵام شاعیرانی ڕێبازی ڕۆمانتیک لەدروستکردنی وێنەی هونەریدا پەنایان بۆ فراوانکردنی ئەندێشە بردووە، چونکە پێیان وایە ئەوە"وێنەی شیعرییە کە لەسەر بنچینەی ئەندێشە بنیات دەنرێت. کولێردج دوو جۆر ئەندێشە جیادەکاتەوە(ئەندێشەی سەرەکی ئەو ئەندێشەیەیە کە هەمووان تیایدا هاوبەشن، ئەندێشەی لاوەکی تایبەتە بەشاعیرە هەڵکەوتووەکان، لەبەرئەوەی هێزی درووستکردنی شیعری تیادەرئەکەوێت، ئەو هێزەیە کەشاعیر دەکاتە خاوەن دەسەڵاتێک کەمرۆڤی ئاسایی ئەو دەسەڵاتەی نییەو لەپێناو سەرلەنوێ هەڵوەشاندنەوەو تواندنەوە و بڵاوکردنەوە دەکات، ئەرکیشی جوانکردن و کاریگەرترکردنی ڕاستییە وینەکێشراوەکانە)"(ئەحمەد ،٢٠١٠ : ١٠٩).

## بەشی دووەم
## پراکتیزەکردنی ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک لە شیعرەکانی نالیدا

### - شیعری کلاسیکی کوردیی و ڕێبازەئەدەبییەکانی تر

کاتیک باسی شیعریی کلاسیکی کوردی دەکەین، خەیاڵمان بۆ ئەو فۆرمە شیعرییە دەچێت، کە لە شێوەی چەند قاڵبێکی شیعریی شیرین لەسەر پەیڕەوی عەروزی عەرەبی واتە: ئەو بەحرە شیعرییانەی (خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی)ی بۆ شیعری عەرەبی دایناون ، بەراورد بەشیعری ئەورووپی کە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان بەسەر ڕێبازە ئەدەبییەکاندا پۆلێنکراون، "ئەکادیمییە ئەوروپییەکان بەسەرجەم ئەدەبیات و هونەری سەدەکانی ناوەڕاست تاسەرەتای سەدەی نۆزدەم دەڵێن"کلاسیک"، دەشزانن کە فلان نووسەری سەدەی هەژدەم لەچاو فیسار نووسەری سەدەی حەڤدەم گەلێک نوێگەری و دەستاوەردی تازەیشی پێ بووە، بەڵام سەبارەت بەوەی هەردووکیان لەناو یەک جۆر سیستەمی بیرو ڕێسای نووسیندا کاریان کردووە، هەر لەناو یەک چوارچێوەی گشتیدا دەیانخوێننەوە، عەرەب و تورک و فارس و زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش لەم بوارەدا هەر وایان کردووە" { پیربال: ٢٠٠٥، ٢١}، بۆیە ناکرێت هەمان یاسای ئەم دابەشکارییە بەسەر شیعری کوردیشدا پەیڕەو بکرێت، چونکە شیعری کوردی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و دەبێت بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە پۆلێنکردنیاندا بۆ ڕێبازە ئەدەبییەکان نەک بەپێی قۆناغی مێژوویی، بەتایبەتی شیعری کلاسیکی کوردی، چونکە زۆرجار لەناو شیعری ئەو

قۆناغەی کە بەکلاسیک دانراوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، چەندین نمونەی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی و سیمبولیستی و ... دەبینین و هەر لەچوارچێوەی شیعریی کلاسیکیشدا پۆلێنکراون و خوێندنەوەیان بۆ کراوە، نمونەی شیعرەکانی مەولەوی و خانای قوبادی و بێسارانی و حاجی قادری کۆیی، بەڵگەی ئەم بۆچوونەمانن.

ئەگەر سەرنج لەمێژووی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بدەین لە"ئەدەبیاتی کۆنی کوردی، نە شاعیرانی سەردەمەکانیان خۆیان بە کلاسیکی ناوبردووە، نە ئاشنایەتییەکی ئەوتۆشیان بە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەوروپایی هەبووە، بە ڕاو بڕواو لێکدانەوەی ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوانی کورد و خۆرهەڵاتییەکانیش ئەو ئەدەبیاتە بە کلاسیکی ناونراوە، بۆیە ناکرێت ئەدەبیاتی کۆنی کوردیی بەپێی بنەماو پێوەرە ئەوروپییەکان هەڵبسەنگێنین" {حسێن، ٢٠١٠، ٢٩٣}، هەر وەک چۆن بەشێک لە ئەدیبان و ڕەخنەگرانمان (شیعری کۆنی کوردی) بۆ شیعری ئەم قۆناغە بەکاردێنن، بۆ نمونە فەرهاد پیرباڵ دەڵێت" ئێمە لێرە بەدواوە زاراوەی"شیعری کۆنی کوردی" بۆ هەموو ئەو شیعرە کوردییە بەکاردێنین کە پێش ساڵی ١٨٩٨ نوسراون، لەهەر حاڵەتێکیشدا ئەگەر زاراوەی کلاسیکمان لەجیاتی کۆن بەکارهێنا ئەوا مانای وایە زاراوەی کلاسیک بەواتا ئیستاتیکییە ئەوروپییەکەی بەکارنەهاتووە کە سیستەمێک و میتۆدیک و ڕێبازێک بگرێتەوە کە هی"کلاسیزمی ئەوروپایی" بووە، بەڵکو ئەو سیستەم و میتۆد و شێوازە کوردی-ئیسلامییە دەگرێتەوە کەلەکوردستانی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ١٨٩٨ باو بووە" { پیرباڵ : ٢٠٠٥، ٧٥}.

لەناو شیعری(کلاسیکی کوردی)دا، دەشێت ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکان و ڕەگەزی زۆرەی ڕێبازەکانی تریش ببینرێنەوە، یاخود بە پێچەوانەوە ڕەنگە لەناو شیعری سەر بەقوتابخانە تازەکانیشدا ڕەگەزی کلاسیکی بدۆزینەوە،هەربۆیە ئەگەر یەکێک لە خاسییەتی ئەو قوتابخانانەش بەسەر شیعری ئەو قۆناغە یان ئەو قوتابخانەیەدا زاڵ بێت، ئەوا ناتوانین ڕێبازە ئەدەبییەکان لەیەک دابڕین، چونکە هەموویان وەکو ئەڵقەیەکی گرێدراو پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە،هەرچەندە ،ڕاستە "لەبەرئەوەی شیعری کۆن تا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر خاسیەتەکانی کلاسیزم لەخۆی دەگرێت، بۆیە بەلای کلاسیزمدا دەشکێتەوە، بەپێچەوانەوە لەسەر بنەمای بوونی هەندێک خاسییەتی ڕۆمانسی و ڕیالیزمی شیعری ئەم قۆناغە بەلای ئەم ڕێبازانەدا دەشکێنەوە، بەڵام ئەوە مانای وانییە، کەشیعری کۆنی کوردی لەخاسیەتی ڕۆمانسییەت خاڵییە، بەڵکو زۆرجار لەشیعری کۆندا بابەت و ناوەڕۆکێکی زۆر ڕۆمانسی دەبینین، یان چەند خەسڵەتێکی ڕۆمانسییەکان لەلای شاعیرانی کلاسیک بوونیان هەیە، یاخود لەشیعری نوێدا خاسیەت و ناوەڕۆکێکی کلاسیکی دەبینین لەبەرگی ڕۆمانسییەتدا"{ مەلازادە: ٢٠٢٠، ٣٧٩}، چونکە "ئەدەبی کلاسیک ، ئەدەبێکە بەردەوام و پاش تێپەڕبوونی زەمەنیش، هەڵگری مانای قووڵی خۆیەتی، لەچەندجار خوێندنەوەیدا بەر مانا شاراوەکانی دەکەوین"(کەسنەزانی، ٢٠٢١، ٥١)

کەواتە دەتوانین بڵێین: شیعری کلاسیکی کوردی ناوەڕۆکێکی داخراوو دابڕاو لە ڕێبازە ئەدەبییەکانیتری نییە، هەروەها دەکرێت دووبارە بەپێی بنەما و ڕەگەزەکانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی خوێندنەوە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی بکرێت و ئەو ڕەگەزانەی تیادا بدۆزرێنەوە، ئەمە پێمان دەڵێت هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو دابڕاو نین لەیەکتری و دەکرێت لەناو ئەدەبی هەر سەردەمێکدا ئەو درکپێکردن و دنیابینییەی شاعیران بدۆزینەوە کەلەناو بەرهەمەکانیاندا و بێئاگا لەتایبەتمەندی قوتابخانە ئەدەبییەکانی دواتر ڕەنگیان داوەتەوە، واتە: دەشێت جیلوەی هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکان لەناو شیعری کلاسیکی کوردیدا بدۆزرێتەوە، کە ئەمەش دەکەوێتە سەر توانای خوێنەر تاچەند دەتوانێت نهێنی ئەو دنیا شاراوەیەی شیعری کلاسیک کەشف بکات و تەلیسمی ئەو جادووە بشکێنێت، یان ئەو تەڵە دانراوەی شاعیران بتەقێنێت، وەک چۆن نالی دەڵێت:

**"نالی" بە داوە شیعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**
**بۆ ئەوکەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە**

هەرچەندە نالی لەم دێڕەدا مەبەستی فراوانی و قووڵی واتا و بەپێچ و پەنایی واتای دەقەشیعرییەکانییەتی ئەم دێڕەی بۆ بەڵگەی ئەو مەبەستە نووسیوە، بەڵام ئێمە لێرەدا بۆ مەبەستی فراوانی ڕایەڵی تایبەتمەندی جۆراوجۆری و پێکداچوونی ڕێبازەئەدەبییەکان بەکارمانهێناوە.

**- شیعرەکانی نالی و ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیک**

**یەکەم: خودیی:**

ئەگەر شیعر(وەک بەشێک لەڕەخنەگران پێیان وایە) گوزارشت کردن بێت لەهەست و سۆز و خەیاڵی شاعیر، ئەوا دنیابینی و خەیاڵی شاعیر لەهەناوی شیعرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە"گوزارشتکردن لەخود پرۆسەی وێناکردنی پاڵنەر و سۆز و هەڵچوون و خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤە بۆ دەرەوەی خۆی، هەموو گوزارشتکردنێکیش وزە لە پەیام و مەبەستێکی ئەقڵی و دەروونی وەردەگرێت"(مەلازادە،٢٠٢٠: ٣٠٩)، ئەم ڕەگەزە بەهەموو تایبەتمەندییەکانییەوە لە شیعرەکانی نالیدا پێگەیەکی باڵایان هەیە، ئەویش لەلایەک ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کە ژیانی تایبەتی نالی پێدا تێپەڕیوەو لەلایەکی تر هەموو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری بوونە کەرەستەیەک بۆ گوزارشتکردن لە خودیی خۆی، بۆ نموونە لەم شیعرەدا بەجۆرێک باسی تەنیایی خۆی دەکات لەچاوەڕوانی و خەیاڵکردن لەکەسێک ، کە تەنانەت هەناسەکانی خۆی گرتووە، تا بێئاگا نەبێت لە هاتنی تەنیاییەکەی بەجۆرێکە وەک ئەو بولبولەی لەگۆشەی قەفەزێکدا حەپسە، دەڵێت:

**شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم**
**مەشغوڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەســــــــــێکم**

**لەم حوجرە، لەبەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم**
**بێ عەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەسێکم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٨٣)**

لە شوێنێکی تردا کە باری دەروونیی پڕ خەم و حەسرەتی خۆی باس دەکات بەهۆی بێوەفایی یارەوە، کارو پیشەی بەردەوامی بووەتە شین و گریان و بە دەردی کاریی و یەکجاری خۆی دەزانێت و دەڵێت:

**با ڕەفیقانم بکەن شینم کە وەقتی زارییە**
**قەط مەکەن تەقصیر لە گریان، شیوەنم یەکجارییـــــە**

**حەپسی چاهی میحنەتم، کافر بەحاڵی من نەبێ**
**کارو پیشەم دائیمەن گریان و شین و زارییە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٥٨٣)**

ڕەنگدانەوەی خود لە شیعردا کە جگە لەوەی لەوانەیە ڕاستگۆیانەترین ڕەگەزێت بۆ ناسین و دۆزینەوەی بارودۆخ و کەسێتی شاعیر، دەلاقەیەکیشە بۆ دۆزینەوەی کارتێکەرە هەڵچوونەکانی شاعیر و بەرزی و نزمییەکانی قۆناغی ژیانی و هەستە خوودییەکانی، کە خۆیان لە هەستی خۆشەویستی و وەسف و ستایش و لاواندنەو پیاهەڵدان و داشۆرین و نیشتیمان و شانازیکردن و مردن و پیری و...هتد دەبینێتەوە، کە هەریەکێک لەم بابەتانەش لە چەندین شوێنی شیعرەکانی نالیدا بەرچاومان دەکەون، بۆ نمونە:

**خۆشەویستی:** بەشی زۆری گوزارشتکردن لەهەستەکانی لەم چوارچێوەیەدایە.

**لەدڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندورە**
**شەطی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسوتێم دەبە کوی نورە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠٦)**

**دەچێ بۆلای ڕەقیب خۆشە، وەلێ ئەو داغە کۆشتومی**
**لەکن ئەو چەندە مەجبورە، لەلای من چەندە مەغرورە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠٨)**

**وەسف:** بۆ نمونە لە وەسفی کەرەکەیدا دەڵێت:

**عاقڵێ بوو ناوی کەربوو، قاطیعی ڕێگەی سەفەر**
**خۆش سلوکتر بوو لەسەد وێڵداشی هەرزەو گێژ و وێژ (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٢٨)**

یاخود لەوەسفی حوجرەکەیدا دەڵێ:

**فەسڵی هاوینی جەهەننەم، فەسڵی ئێستای زەمهەریر**
**زەمهەریر کەی وا بە تەئثیرە و جەهەننەم وا بەتاو؟! (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣٥٩)**

**لاواندنەوە:** یەکێک لە لاواندنەوە دیارەکانی ئەو شیعریە کە بە بۆنەی مردنی باوکی خۆشەویسەکەیەوە (کە گوایە باوکی حەبیبەیە) نووسیویەتی و لەدێڕێکدا دەڵێت:

**بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریێم**
**گەوهەر بڕژێنێن بە بولەندیی قەد و باڵات (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٣٨)**

**لەباسی پیریدا دەڵێت:**

**موی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط**
**شۆرە شەط یەعنی کە تێیدا خود بەخود قەل بوو بەبەط (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٤٢)**

بەشێکی گرنگی خودێتی شیعری نالی ئەو شانازیکردنەیەتی بە توانای شیعریی خۆیەوە کە لەچەند شوێنێک بەرچاومان دەکەوێت، کە تەنانەت بەبەراوورد بە شاعیرانی تری کلاسیکیش ئەم شانازییە لای نالی زیاترە، بۆ نموونە دەڵێت:

**ظاهیر و باطین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز**
**ئاشنای سیرڕی قەڵەم بێ، غەیری نالی کەس نەما (دیوانی نالی ، ١٩٧٦: ١٣١)**

**نالی حەریفی کەس نیە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە**
**بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە گەپ دەکا ( دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٠)**

**دووەم:سروشت :**

سروشت لەشیعردا ئەگەر ڕەنگدانەوەی دیاردەو ڕەگەزەکانی بێت، ئەوا لای نالی پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، بەوپێیەش کە سروشت هەر لەسەرەتاوە کاریگەری لەسەر هەست و خەیاڵ و سۆزی مرۆڤ کردووە، ئەوا بێگومان لای کەسێکی وەکو نالی بەو خەیاڵە فراوانە و توانا شیعرییەیەوە چەندان جار زیاتر و زیاتر دەبێت"سروشت بەرەگەز و دیاردەکانییەوە بابەتێکی گرنگە بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکانی نالی، گوڵ و بولبول لەوێنە شیعرییەکانی شوێنێکی دیاریان هەیە، نالی دە جۆر گوڵی لە وێنە شیعرییەکاندا مەزراندووە، لەبارەی ڕوانینی نالی بۆ گوڵ، د.مارف خەزنەدار دەڵێت: نالی گوڵ وەکو خەڵکیتر نابینێت، یا گوڵ وەکو شاعیرانی تر نابینێت، بینینی ئەو تایبەتییە، بۆیە شیعرەکانی ئەو بووە بە داهێنان و لوتکەی ئەدەبی هەرە بەرز، بولبولیش لای ئەو دەبێتە عاشق و بۆ گوڵ دەخوێنێت"(حەمە، ٢٠٠١: ٤٢)، ئێمە لێرەدا نامانەوێت باسی جۆنییەتی و چەندێتی و جۆرەکانی گوڵ بکەین لای نالی[1]، بەڵکو وەکو ڕەگەزێکی ڕۆمانتیکیانەی سروشت مەبەستمانە لێی بدوێین.

ڕەنگە بوترێت کە سروشت ڕەگەزێکی هاوبەشە لەنێوان زۆربەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا، بەڵام ئێمە وەکو ڕەگەزێکی ڕۆمانتیکیانە هەست بەو سروشتە دەکەین کە لەشیعرەکانی نالیدا ڕەنگیان داوەتەوە، نەک هەر وەکو کەرەستەیەک بۆ خزمەتی لایەنی ڕەوانبێژی و چوواندنی یار بە دیاردە و پێکهاتەکانی سروشت، وەک لای زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیک هەستی پێدەکرێت، بۆ نمونە لەم شیعرەی خوارەوەدا چەند بە قوڵی و هەستێکی ڕۆمانتیکانەوە وەک هونەرمەندێکی فۆتۆگرافەر وێنەی سەرەتای بەهارو پشکووتنی گوڵ و خونچەو با و شەونم و نەسیمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

**گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە**
**پـــــــــــشکۆی گوڵاتەشین بەنەسیم بوو گەشایەوە**

**لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ**
**نـــــــــــاوی کە پڕ خەڵوزە بەشەبنم گەشایەوە**

**گوڵ زاری وا، کەهەرچی دەمێکی بوو پێکەنی**
**غونچەی گەشا کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٥٤٨)**

یاخود لەشوێنێکی تردا دیمەنێکی پڕ لەوێنەی ناسکی سەرو و نارەوەن(دوو جۆر درەختن)مان پیشاندەدات، کە بەنەسیمی بەهار دێن و دەچن وەک ئەو کوڕو کچە لاوانەی لەشاییدا دەستی یەکیان گرتووە، ئەمە لە جوانی و کەیف و خۆشیدا، لە هەمان کاتدا لە ویقار و شکۆ و جوانی و بەرگ و تاجی گوڵینیشیانەوە لە پاشاکان دەچن، دەڵێت:

**دەس بەندییانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن**
**صاحێب کوڵاە و سایە و بەرگن وەکو مولوک (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٥٧)**

ئاهەنگەکە کۆتایی پێنایەت و چەند وینەیەکی ترمان پیشان دەدات ،کە بە هەموویان پێمان دەڵێت زاووزێ و زۆربوونی سرووشت بەدارو گووڵ و بولبول و پێکهێنەرەکانییەوە لەبەهاردا دەبێت، لەلایەک بولبول بووە بەزاوا و خونچە بە بووک ، جیلوەی جوانی بەهاریش بەهەموو دیمەنە ئەفسوناوییەکانییەوە بووە بەئاهەنگەکەیان، لەلایەکی ترەوە کانی خەریکە بە ئاو دەزێت، کەمەبەست لە تەقین و ژیانەوەی کانییە لەبەهاردا کە ئاوی لێ دێتەدەرەوە. لەلایەکیتر وا درەخت بە ئاوس دەبێت، کەمەبەست لێی گواستنەوەی ئەو گۆیکە و تۆوی درەختانەیە لەدارێکەوە بۆ دارێکیتر کە با دەیانگوازێتەوەو بەهۆیەوە چرۆدەکەن و گۆپکەی پێ دەکەن،کە ئەمە دیاردەیەکی سروشتییەو لەکوردەواریدا پێی دەوترێت(بای دارئاوس) کەمەگەر هەر نالی بتوانێت ئەم هەموو گۆڕانکارییە ژینگەیی و سروشتییانە لەدێڕێکدا کۆ بکاتەوە و دەڵێت:

**کانی دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با**
**شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بوک (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٥٨)**

هەر لەم بارەیەوە لەشیعرێکی تردا لە دێڕێکدا دەڵێت:

**گوڵ تاجی لەسەرنا و ، چەمەن مەخمەڵی پۆشی**
**هات موژدە کە خەلعەت گەیە بەر بە موباهات (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٤٢)**

لەم شیعرەی خوارەوەدا گفتوگۆو دەردەدڵێک لەگەڵ دڵی خۆیدا دەکات، کە لەسینەی نالیدا خۆی بە عەزابدراو دەزانێت و وەک بولبولێک لەقەفەزدا داوای ئازادی و ناو سروشت دەکات، ئێمە لێرەدا بۆیە مەبەستمانە باسیکەین، کە نالی لە دێڕی دووەمدا فەزڵ و گەورەیی سرووشت و چوونە ناو باغ و بولبول و گووڵ، دەدات

بەسەر دەرس و کتێب و مەدرەسەردا. مەسعود محەمەد لەلێکدانەوەی دێڕی یەکەمدا ڕایەکی جیاوازی هەیە لە مامۆستا عەبدالکەریمی مودەڕیس کە لەدیوانەکەیدا بۆ ئەم شیعرەی کردووە،کە ئێمە خۆشمان لەگەڵ ڕای مەسعود محەممەدین و بەدروستتری دەزانین، مامۆستای مودەڕیس دێڕی یەکەم وا لیکدەداتەوە کە گوایە نالی دەڵێت: من جوابی دڵم نادەمەوە کە داوام لێدەکات ڕێگای بدەم تۆزێک بۆخۆی ڕابوێرێ، یان بۆخۆی حەزی لەچییە بیکا، بێ دڵی ناکەم،هەرچەندە ئاماژەیەکی کورتیشی پێدەکات، بەڵام وەکو مامۆستا مەسعود محمد ناپێکێ، کە ئەو ئەم شیعرە زۆر بە وردتر دەبینێت و بە تەڵەیەکی دەزانێت بۆ خوینەرانی دوای خۆی(کە ئەمە لەنالی چاوەڕوانکراوە، چونکە لەچەند شوێنێتر باسی تەڵەی شیعرەکانی کردووە). مەسعود محمد دەڵێت: (نالی دەیەوێت بڵێت: ڕێگری لەدڵم ناکەم و ئەو ڕاست دەکات، من خۆشم وەکو دڵم چەمەن و گوڵم پێخۆشترە لەدەرس و کیتابی ناو سینەم، دێڕی دووەم دەبێت بە بەڵگەی ئەم بۆچوونە)(محەمەد، ١٩٧٦: ٣٦)، ئەمە جگە لەوەی مەسعود محەمەد گریمانەیەکی تریش بۆ لێکدانەوەی دێڕی یەکەم دادەنێت، کە ئێمە ناچینە ناو ئەو وردەکارییەوە. نالی لە شیعرەکەدا دەڵێت:

**دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە، جەوابی نادەم**
**مەددەتێکە لەقەفەسدایە، عەزابی نـــــــــــادەم**

**مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گوڵ و مول**
**بە دوصەد مەدرەسەو و دەرس و کیتابی نادەم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣٠٥)**

### سێیەم:ئازادی لەدەربڕیندا :

کاتێک باسی ئازادی دەربڕین دەکەین لای ڕۆمانتیکەکان، ئەوا ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ ئەو پرەنسیپانە دەچێت کە لەچوارچێوەی ئازادی تاکەکەسی و گشتیدا لەڕووی ئازادی فکری و ئازادی سۆز و دەرگاکردنەوە بەرووی خەیاڵدا دەردەکەون، ڕاستە ئەمانە بەڕوونی لەشیعری نوێ(ڕۆمانتیک)دا دەردەکەون، بەڵام لە ئەزموونی شیعریی نالیدا، هەرچەندە پەیڕەوی کێش و سەرواو دەستوورەکانی کلاسیزمی کردووە، بەڵام ناکرێ توانای شیعریی لەم ڕوانگەوە نادیدە بگرین و لەتەرازووی بەراوردی داهێنانەکانی، لەگەڵ شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی و شاعیرانی تری ئەم قوتابخانەیە لاسەنگییەکە هەست پێنەکەین. هەر ئەوەی کە"نالی لەشیعرەکانی خۆیدا بۆیەکەمجار زمانێکی کوردی دەخاتە نێو هەمبانەی مەعریفەی مرۆڤی کوردەوە، کە ئەو زمانە کوردییە زۆر ورد و دروستە ، کە دەڵێم ورد و دروستە بە مانا ڕێزمانییەکەی، بە مانا وشەییەکەی، بەمانا قامووسییەکەی"( یەعقوبی، ٢٠٢١: ٢١٤)هەر ئەم هەنگاوە خۆی بەشێکە لەو ئازادییە تاکەکەسییەی نالی کە لەشیعرەکانیدا ئەزموونی کردووە، ڕەنگە شیعری(طەبعی شەککەرباری من) جوانترین بەڵگەی ئازادیی خودی و ئازادی دەربڕین و بەزاندنی سنووری شاعیرانی پێش خۆی بێ، کە بەر لەهەموو کەس ئەم ئاڵنگارییەی ڕووبەڕووی خۆی کردووەتەوەو دەڵێت:

**طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی، لە(عمدا) وادەکا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٦)**

ئەم ئیمتیحانی خۆکردنە لەسەر(چۆنییەتی)یە، ئەم چۆنییەتیەش کاتێک دەردەکەوێت خۆی وتەنی کە(طالیبی مەعنا)بێت.

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٧)**

لێرەوە نالی ئازادی لەدەربڕیندا هەبووە، ئەم بانگەشەی ئازادی بەخۆدانەش تەنها وەسف و پیاهەڵدانی توانای شیعریی خۆی نەبووە و بەس، بەڵکو هەر بەڕاستی بەربەستەکانی تێپەڕاندووە، بڕوانە چۆن لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا شیعرێکی موتوربەکراوی بەو ئاستە هونەرییە بەرزە نوسیوە، کە دەڵێت:

**دَرُونِی لِدارِ ال (شّارَزُورِ ) وَبَرْدِهِ**
**كَفْرْ مِيسْكِ كَرْمِ اِلـــــــى آوِ سَــــــــــــرْدِهِ**

**تَرَى وَرْدَهُ قُوتاً وَ جُوتاً وَ سايِقاً**
**فَيا قُوتَتِي مِنْ جُوتِهِ ثُمّ فَرْدِهِ (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠٣)**

ئەم شیعرەی سەرەوە کە لە نۆ دێڕ پێکهاتووە، بەو تەکنیکە بەرزەی کە نوسراوە، هەروەک مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت"نالی لەم پارچە شیعرە نایابەیدا، کە چ لەبارەی دەوڵەمەندی سۆز و چ لەبارەی تەکنیکی هونەرییەوە، پێشەنگە و بەر لەو چەشنی لەکوردیدا نەبینراوە، کۆمەڵێ وشەی کوردی و عەرەبی و کوردی-عەرەبی بەکارهێناوەو تێکڕا بەشێوەی عەرەبی داڕشتوون و پێڕەوی دەستوری زمانی عەرەبی و سەروبۆر و ژێری دوا پیتی وشەی لەزمانی عەرەبیدا بەسەردا بڕیون"(دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٠١). ئەمەش هەنگاوێکی داهێنەرانەیەو دەربازبوونە لەپابەندبوونی نووسین بەدەستووری وشەی زمانێکی دیاریکراوەوە، دیارە ئەم بوێرییەش هەر لەنالی چاوەڕواندەکرێت کە ئەو ئازادییە بەخۆی بدات لەدەربڕیندا.

### چوارەم:هەڵچوونە کەسییەکان

شاعیران بەشێوەیەکی گشتی کەسانێکی هەستیارن بەرامبەر ڕووداوو کاریگەرییە دەرەکییەکان، ئاگری گۆڕانکارییە کەسییەکان بەخۆش و ناخۆشەکانیانەوە دەروونی شاعیر دەخەنە جۆش و هەڵچوون، شاعیری ڕۆمانتیک دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزەکانییەوەو شیعر دەبێتە دەرچەیەک بۆ هاتنە دەرەوەی ئەو هەستە پەنگخواردووەی دەروون. نالی کاریگەری زۆرێک لەو بەرزو نزمییانەی ژیانی لەچوارچێوەی هەڵچوونێکی کەسیدا لەڕێگەی شیعرەکانییەوە دەردەخات، چ هەڵچوونە سۆزدارییەکانی یان کۆمەڵایەتی و نیشتیمانییەکانی یان غوربەتی غەریبی و نامۆییەکانی.

زۆرجار لە بێ مەیلی دولبەرەکەی، ئەو دولبەرەی کە ئەوەندە شیرینە بەلایەوە، کەپێی وایە لەبەر پێکەنینی ئەو گووڵ دەپشکوێت و شەککەر دەبارێ، کەچی ئەوەندە سینەی پڕکردووە لەمەراق ، ئاگارداری ئەکاتەوە کە بترسێ، نەوەک ڕۆژێک ئەم سندوقەی سینەم کە پڕ لەئاگری خەم و بێوەفایی تۆیە بەربێتە تەخت و تاراجت، یان ئاهی سینەم ئەوەندە کاریگەربێت ئاگر لە تەختی تۆ بەربدات، یان بە مانایەکیتر سینەم بەجۆرێک پڕە لەئاگری سۆزی دووری تۆ، ڕەنگە کە مردم تەختەی تابووتەکەم بسووتێنێت و ئاگر لە تەخت و تابووتم بەربدەم. دەڵێت:

**لەسندوقی پڕی سینەم بترسە**
**کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابوت (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٤٩)**

یان لەشوێنێکی تردا لەوپەڕی هەڵچوونی چاوەڕوانیدا و لە بێئومێدی هاتنی یاردا، هاواری مەرگ دەکات بۆ نایەت گیانی بکێشێ، چونکە گوایە وەعدی هاتنی یار بەستراوەتەوە بە مەرگی نالییەوە، دەڵێت:

**گوتت"نالی" ئەتۆ بمرە ئەمن دێم**
**خودا کەی بێ، خودا کەی بێ، خودا کەی (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٧١٠)**

(نالی)یەک ئەوەندە تامەزرۆی دیداری یارە، بانگی مەرگ دەکات لەبەر خاتری بینینێکی یار، کەچی موددەعی هاتووە لۆمەی دەکات و داوادەکات سەبری هەبێت و خۆڕاگربێت، بۆیە نالی بەمە توڕە دەبێت و پێی دەڵێت(هەی گوێدرێژ) عاشق کەی توانای سەبرگرتنی هەیە و قەراری گرتووە؟!

**موددەعی زەجرم دەکات و پێم دەڵێ: صەبرت بێ**
**کەر بە لەعنەت بێ کە کەی عاشق قەراری گرتووە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٥٤٣)**

یەکێکیتر لەو هەڵچوونە دەروونییە حەزینە خودییانەی نالی، کە تیایدا ناخی وەکو ئاگر قوڵپ ئەدات، ئەو قەسیدە مەشهورەیە کە لە غوربەتەوە دوای ڕوخانی میرنشینی بابان ، بۆ زانینی هەواڵی شارەزوور و سلێمانی و حوجرەکەی دەینێرێت، کە پڕە لەهەڵچوونێکی پڕ لەسۆزی حەزینانە، ڕەنگە سەراپای قەسیدەکە بۆنی هەڵچوونێکی قووڵی هەندێکجار ئاشکراو هەندێکجار شاراوەی لێبێت، ناکرێت لەسەر هەموو قەسیدەکە بدوێین، تەنیا چەند دێڕێکی وەردەگرین، قوڵترینیان ڕەنگە ئەم دێڕەبێت کە وەک مامۆستای مودەڕیس دەڵێت: هەرچی ژان و تلانەوەو سوێی نالی هەیە لەم قەسیدەیەدا گوشراوەتە ئەم بەیتەوە کە دەڵێت:

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بەچاوا بکا عوبور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٩٧)**

**پێنجەم:وێنەی هونەری:**

وێنەی هونەری ڕەگەزێکی هاوبەشە لەنێوان هەموو ئەو قۆناغانەی کە شیعر پێیدا تێپەڕیوە، چونکە هیچ شیعرێک خاڵی نییە لە وێنەی هونەری، بەو پێیەی کە شیعر دەربڕی هەست و سۆزی شاعیرە، هەر ئەم هەست و سۆزەش دەبێتە هۆی دروستکردنی وێنەکەو زۆرجاریش کەشفکردنی هەست و سۆزو سەلیقەی شاعیر، چونکە"لەڕێگەی ئەو وێنە شیعرییە خەیاڵییەوە لەناو قەسیدە، هەست و سۆزی شاعیر یان نووسەر دەگاتە خوێنەر ، چونکە وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی زمانییە بۆ وێنەکێشانی واتای ژیری و سۆزی و خەیاڵاوی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دوو شتدا کە دەتوانرێت بەگەلێک شێواز وێنەی بکێشرێت"(عیسی، ٢٠٠٩: ٢٩). بیرتیژی و خەیاڵ فراوانی نالی تینوێتی خوێنەری شکاندووە لە درووستکردنی وێنەی هونەریدا، نەک هەر وێنەیەک کە دەسەڵاتی نالیمان بۆ دەرخات بەسەر هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەلاغەدا، بەڵکو هەندێک جار وێنەی ڕۆمانتیکیانەی لەچوارچێوەی عەروزدا داڕشتووە، یەکێک لەو شیعرانەی کە پڕە لەوێنەی هونەری بەهەموو ڕەگەزەکانی وێنەی هونەرییەوە، هەر لە سۆز و خەیاڵ و واقیع و بیر و ...هتد، ئەو شیعرەیە کە بۆ چۆنییەتی حوجرەکەی نووسیوە، کە چەندین وێنەی هونەری بەرزمان بۆ دەخاتە ڕوو لەسەر ئەو چۆنییەتییە و لەسەرەتای شیعرەکەوە دەڵێت:

**وەک قەفەز ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتومییە ناو**
**تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردوومـــــــە داو**

**دودی سەرمیچی گوڵەنگی لەت لەتی دەسرازە کۆن**
**بان و دیواری بە میثلی لانکەی ئەجزا شکـــــــــاو**

**هەر لەسەربان دار بەداری ڕایەڵی بژمێرە وەک**
**لا پەراسووی بارگیرێکی کە زیندوو بێت بەناو (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣٥٧)**

دەڵێت حوجرەکەم وەکو قەفەز کون کونە، لەناچاریدا ماومەتەوە، ئەگینا وەک تان و پۆی جاڵجاڵۆکە وایە، لەلایەک دووکەڵ بمیچی گرتووە و وەکو دەسرازەیەکی کۆنی کون کونی شاش ودڕاو بەسەر بێشکەیەکدا درابێت و لەلایەک دیوارەکانی وەکو بێشکەی شکاویان لێهاتووە، بانەکەی بەجۆرێک شاش بووە، دارەکانی لەسەرەوە دەژمێردرێن وەک ئەو بارگیرە لەڕەی لەسەرەمەرگدا پەراسووەکانی بەدەرکەوتوون.

یەکێک لە ڕەگەزەکانی وێنەی هونەری بریتییە لە(بەکەسکردن)، نالی دەڵێت:

**ئەم بچێ ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران**
**ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەک و قەترە هەزار (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٧٣)**

هەستان و دانیشتن سیفاتی مرۆڤە، نالی ئەم سیفاتەی بەخشیوە بە ئەندامی نێرینە و مێینەی ژن و پیاو کاتێک بۆلای یەک دەچن.

وردبوونەوەی نالی لەکەرەستەکانی دەورووبەری و بەکۆمەکی خەیاڵ، دەبێتە هۆی دروستکردنی چەندین وێنەی هونەری بەرز، بەکەرەستەگەلێک کە زۆر نامۆن، چونکە نالی لەڕێگەی ڕامان و قووڵبوونەوە لەگەڵ ژینگەدا کارلێک دەکات و کەرەستەو شتەکانی دەوروبەری وەک کارای یاریدەدەر سوودیان بەنالی گەیاندووە و لەئەنجامی ئەم کارلێکە شتێکی نوێ هاتووەتە بەرهەم، لەم دوو دێڕەی خوارەوەدا بە چەند کەرەستەیەکی وەک( داری سیواک و بخورد و توتن و دارجگەرە)ەوە، وێنەیەکی هونەری بەرزی چارەنووسمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت:

**داری ئیراک و داری هیند هەردوو کە عودە ئیسمیان**
**هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبولەهەب دەکـــــــا**

**سەهم و نەصیبی ئەصلییە، بەحثی گیاە و گڵ نییە**
**توتنە خەرجی سوتنە مودنە ماچی لەب دەکا (دیونی نالی، ١٩٧٦: ٩٩)**

دەڵێت بۆئەوەی کە دڵنیابیت هەموو شتێک چارەنووسە و لەئەزەلەوە دانراوە، سەیری داری سیواک و داری بخور بکە، کە هەردووکیان دارێکی ئاساین، کەچی ئەویان سوننەتێکی پێ جێبەجێ دەکرێت و ئەمیان دەسوتێنرێت، هەروەک چۆن کە لە پرۆسەی جگەرەکێشاندا تووتن کە مەبەستی سەرەکی جگەرەکێشە دەسوتێنرێت، کەچی دارجگەرە کە هۆکارێکی لاوەکییە بەشوێنێکی نازداری وەک لێوەوە دەنرێت.

مەسعودمحمد لەبارەی توانای نالی بەسەر وێنەی هونەریدا دەڵێت:"نالی بەناو ڕایەڵی ئەو هونەرە بەرزانە و هی تریشدا هاتوچۆی بە زاتە هەستیارە جۆشاوە سیحربازە دەستڕەنگینە بلیمەتەکەی خۆی کردووەو بەهۆی دەسەڵاتی هونەرمەندانەی یەکجار دەوڵەمەندییەوە لەناخی دڵ و قوڵایی گیانەوە کڵافەی ڕەنگاوڕەنگی ئاوێتە لەسۆزی ئاگرین و پوختەیی تێروتەژیی لەو رایەڵانە ئاڵاندووەو پارچە هەڵبەستی گەوهەردار و ئاورینگاری لێ هۆندوونەوە، هەرگیز داوی کڵافەکانیشی کورتیان نەهێناوە بەبەر قەڵافەتی پەیکەری خولیاوە" (محمد، ١٩٧٦: ١٢١)، دیارە بناغەی ئەم پارچە هەڵبەستە گەوهەردارانەش ئەو وێنە هونەرییە بەرزانەن کە لە بنیاتی هۆنراوەکاندا بوونیان هەیە، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەو وێنە هونەرییانە..

**پێم دەڵێن: مەحبوبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا**
**خێل و قیچە، یا تەرازووی نازی نەختێ سەڕ دەکا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٠٨)**

یەکێک لەهەرە وێنە جوانەکانی نالییە، کە خێلی چاوی خۆشەویستەکەی بە بەرزونزمی تەرازووی نازکردنی دادەنیت، نەک خێلی.

**شەشەم:سۆز :**

سۆز بنەماو ڕەگەزێکی گرنگ و دیاری شیعرە بەگشتی و شیعری ڕۆمانتیکی بەتایبەتی، چونکە تەوژمی تەزوویەکی بەهێزە بەناو ناخی شاعیردا هاتووچۆ دەکات، هەرچەندە" ئەدەبی کلاسیکی زۆرتر لەسەر بیرو هۆش چەسپابوو، کە لەدنیایی ئەدەبییدا وەسف کراوە بە ئەدەبێکی هۆش و بیر، ئەمەش ئەوە ناگەێنێت کە ببرای

برای بەلای سۆزو ئەندێشەدا نەچووە، بگرە جاری وابووە لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا سۆزو ئەندێشەیەکی وایان دەربڕیووە، بەزیادەوە لەئەدەبی ڕۆمانتیکی، بەلام لەهەمان کاتدا ئەم سۆزو ئەندێشەیە دیسان لەژێر چاودێری هۆشدا بووە" { ڕەشید: ١٩٨٩، ٢٠}، ئەم سۆزە زۆر جار لای نالی هەستی پێدەکرێت و بەزۆر شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت، ڕەنگە قوولترین سۆز لای نالی لە قەسیدەی چامە بەناوبانگەکەیدا بێت بۆ سلێمانی، کە پڕە لەسۆزێکی قووڵی غەریبانە، کە سەرتاپای قەسیدەکە سۆزێکی خودیی بەسەریدا زاڵە، بۆ نمونە لە بەشێکدا بە (با)ی قاسید دەڵێت: لەتاو غەریبی و تامەزرۆییم ماڵی خۆڕاگری و سەبرم سوتاوە و لەسوچێک کەوتووم و تەنها ئەوەم بۆ ماوەتەوە کە زیکری (یا صەبور) بکەم، لەم ماڵوێرانییەمدا هەر ئاە هەڵکێشان و فرمێسک ڕشتنم بۆ ماوەتەوە، بۆیە ئەگەر بەزەییت بەمنیشدا نایەت، لەبەر ئەم ئاهو فرمێسکانەم هەستە و درێغی مەکەو نامەکەم بگەیەنە...

**سوتا ڕەواقی خانەیی صەبرم دڵ و دەروون**
**نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا صەبـــــــــــور**

**هەم هەم عەنانی ئاهم و ، هەم هەم ڕیکابی ئەشک**
**ڕەحمێ بەم ئاە و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٧٧)**

سۆزی نالی لەم قەسیدەیەدا ئەوەندە ورد و قووڵ دەبێتەوە لەسەر هەموو ئەو شوێنانە دەوەستێت کە بەشێکن لە شوێنی یادەوەرییەکانی نالی، ناتوانین نموونە بۆ هەموویان وەرگرین، بۆ وێنە لەباسی حەوزی حوجرەکەیدا دەڵێت:

**حەوزی پڕی کە نائیبی دیدەی منە لەوێ**
**لێڵاوی دانەهاتووە وەک سەیلی(شیوەسور) (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٩٢)**

یەکێکی تر ئەو سۆزە قووڵەیە بۆ مردبی باوکی خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و سەراپای شیعرەکە ئاوێتەیە لە دڵدانەوە و سۆزی ناخی خۆی لەم ڕووداوەدا، لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریێم**
**گەوهەر بڕژێنین بە بولندیی قەد و باڵات (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٣٩)**

تەنانەت سۆزی ئاینیش بەشێوازی جۆراوجۆر بۆ هەموو پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە لەو شیعرەدا کە بەم دێڕەی خوارەوە دەست پێدەکات سۆزێکی قووڵ بۆ مەککە و مەدینە و شوێنە پیرۆزەکانیان دەردەبڕێت و دەڵێت:

**وەی کە ڕوزەردی مەدینە و ڕوسیاهی مەککە خۆم**
**دەرکراو و دەربەدەر ، یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٩٩)**

ئەمە جگەی لەوەی لە زۆربەی شیعرەکانیدا سۆزێکی سۆزدارانەی دوور لەیار دەردەبڕێت کە لە زۆرێک لە شیعرە دڵدارییەکانیدا هەستی پێدەکەین..

**بێ دیدەوو دیداری ، هەمو خوێنە دەگریێم**
**یەعنی گوڵ و نێرگز کە نەبێ ، لالە دەنێژم (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٢٧٧)**

**حەوتەم:ئەندێشە :**

ئەندێشەو خەیاڵ فراوانی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسی داهێنەر،هەر ئەم تایبەتمەندییەشە کە کەسی داهێنەر لەکەسی ئاسایی جیادەکاتەوە، شاعیر هەتا خەیاڵی ورد و تیژ و فراوانتربێت وێنەی شیعری بەرزتر دروست دەکات، شیعریش ئەگەر وێنەیەکی بەرز دروست نەکات هیچ واتا و چێژێکی نابێت، ئەم تایبەتمەندییە لەناو شیعرەکانی نالیدا پێگەیەکی گرنگی هەیەو ئەندێشەی نالی هەتا ئەو شوێنەی خەیاڵ بوار بدات ڕۆشتووە، "خەیاڵی نالی دوای تێڕامان لە دیمەن و دیاردەو کەرەستەکانی سروشت، دیمەن و وێنەیەکی فرەڕەهەندی بەرهەمهێناوە، کە لەسەر بنیادێکی ستاتیکی دیمەن و شتە سادە و ساکارەکانی دایڕشتووەتەوە، واتە دوای ئەوەی کە نالی کەرەستەیەک یان دیاردەیەک یان وێنەو دیمەنێکی سادە لەدەوروبەری خۆی ئەباتە ناو دنیا خەیاڵییەکەی خۆی، لەوێ گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێنێت، بەپاڵپشتی بەها ئەدەبی و لایەنەکانی جوانناسی و دوای کارکردنێکی وردی خەیاڵ لەسەری، کەرەستەکە بە پڕڕەنگتر و بەهادارتر لەڕێگەی وێنەیەکی شیعری یان دەقێکی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ناو واقیع دوای ئەوەی خەیاڵی نالی داهێنانی لێ موتوربە ئەکات"(مەلازادە، ٢٠١٦: ١٤٩). واتا کامێرای چاوی نالی کە دیمەنێک دەبینێت و بە شریتی خەیاڵیدا ئەو دیمەنە گوزەردەکات، وینەیەکی وەها جوانمان پیشان دەداتەوە کە ئێمە درکی پێناکەین، بڕوانە ئەم دێڕە شیعرەی خوارەوە، لەرزینی قەدی گوڵ (کە دیاردەیەکی سروشتی گوڵە بەهۆی باوە)،دەیبەستێتەوە بە بای بادانی زوڵفی یارەکەی کە بۆ کپکردنی لاف و گەزافی گوڵ لەڕقا زوڵفی باداوە.

**گوڵ هاتە دەرێ ، لافی لە حوسنی بوتی ما دا**
**لەرزی قەدی بەرزی لەڕقا زوڵفی کە بادا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٨٣)**

ڕەنگە هەموومان ئەو پڕۆسەیەی لەرزینی گوڵە ببینین، بەڵام خەیاڵی کەسمان درک بەو وێنەیە نەکات، یان لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**لافی دەمی تۆ غونچە لە دەمیا بو، بە (عمدا)**
**با خوستی بڕی، خستی، کە مستێکی لەدەمدا (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٩٤)**

دیارە یەکێک لەتایبەتمەبدیەکانی شیعری ڕۆمانتیکی جڵەوشلکردنە بۆ خەیاڵ، تا سنووری ئەستەم، هەموو رەگەزەکانی شیعریش پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە،پتەوترین پەیوەندی ئەندێشە لەگەڵ سۆزدایە، واتە هەتا سۆزەکە بەهێزتر بێت ئەندێشەیەکی فراوانتر دەخولقێنێت لای شاعیر، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم شیعرەی خوارەوە تێدەگەین کە ئەوە سۆزی بەهێزی نالییە کە ئەندێشەی گەیاندووەتە ئەو ئاستەی لەوەسفی ئاوی سەرچناردا بڵێت:

**یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا**
**ئەستیرەکانی ڕابکشێن وەک شەهابی نور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٧٩)**

یاخود دەڵێت:

**دەموت دو چاوی خۆمە ئەگەر(بەکرەجۆ)ی ئەشک**
**نەبوایە تیژ و بێ ئەمەر و گەرم و سوێر و سور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٨٠)**

جگە لەوەی ئەم ئەندێشە فراوانییە مەبەستێکی ئیستاتیکی لە پشتەوەیە، لەهەمانکاتدا هەندێک جار داهێنان و ڕەمز و راڤەکاریش دەگرێتەوە،کە دەوترێت داهێنان مەبەست "لەو ئەندێشەیەیە کە وێنەی نوێ بەرهەم دەهێنێ، دیارە ئەم چەشنە ئەندێشەیەش پشت بەتاقیکردنەوەی شاعیر دەبەستێت، لەئاکامی پەیوەندی بە دەوروبەرەوە ئەو وێنە نوێیانە بەرهەم دێن، دیاریشە تا تاقیکردنەوەکانی شاعیر فراوان و بەربڵاوبن، ئەوا ئەندێشەی شاعیر بەو ڕادەیە فراوان دەبن و وێنەی نوێ پێکدێنن"(مەولود، ٢٠٠٧: ٦١). زۆر جار هەست بەم وێنەو ئەندێشە داهێنەرانەیە دەکەین کە نالی هێناویەتی ، بۆ نمونە ناوهێنانی شاری شارەزوور، کە مەبەست لێی سلێمانییە، گوایە لەبەر چاوەزار ئەم ناوەی لێنراوە...

**شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگێکە خۆش و نەرم**
**بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن شاری شارەزور (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ١٨٣)**

یا لەباسی ڕێگای مەککەدا،بە وردبوونەوە لە سوری خاکەکەیی و سپێتی داروبەردەکانی سەر ڕێگا بۆی دەرکەوتووە کە سورییەکە خوێنی ڕژاوی ئاشقانە و بەردەکان ئێسقانی ئاشقەکان و دارەکان تیرەکانن کە لەسەر ڕێگا کەوتوون، دیسان لە دێڕی دواتر دەڵێت: ئەو سوریی و سپێتییە ئێسقانی حوشتر و خوێنی ئینسانە لەو دەشتەدا کەوتووەو ڕژاوەو ئەو ڕەنگەی دروست کردووە.

**ئەگەرچی ڕێگە: خاکی خوێنە، دارو بەردی ئێسقانە**
**نیشانەی تیری ڕێگەی عەشقە ئەم ئێسقانە سپیانـــــــــە**

**وتم: داخۆ چییە سور و سپی تێکەڵ؟! کە تێفکریم**
**سەراسەر کەللەیی ئوشتر، لەباڵەب خوێنی ئینسانە (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٤٨٦)**

زۆر جار گرێیەک دروست دەکات و هەر خۆی لە نیوەدێڕی دووەمدا یان لەدێڕی دواتردا گرێکە دەکاتەوە، بۆ نمونە دەڵێت:

**موساوی وەک یەک و لولن لەهەردوو لاوە زوڵفەینی**
**نمونەی عەکسی حەرفی(میم) و (نون) و(واو)ە،زوڵفەینی (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٦٧٤)**

**لەبت میم و و قەدت ئەلف و زوڵفت چیم**
**دەزانی بەم سیانە طالیبی چیم ! (دیوانی نالی، ١٩٧٦: ٣١٢)**

## ئەنجامەکان

1. ڕێبازە ئەدەبییەکان بازنەیەکی گرێدراوو بەیەکداچوو و پەیوەستن بەیەکەوە، بەجۆرێک کەم تا زۆر ڕەگەزی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بەشێوەیەک کە دەکرێت لەناو هەر ڕێبازێکدا ڕەگەزی ڕێبازێکیتر بدۆزینەوەو جیلوەی هەر ڕێبازێک لەناو ڕێبازەکانی تردا بدرەوشێتەوە.
2. ئەو قۆناغە مێژووییەی کە بەسەردەمی کلاسیک ناسراوەو چەندین نمونەی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی و بەشێک لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی تریش بەرچاو دەکەون، بەتایبەتی لەناو شیعرەکانی نالیدا، تەنانەت لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریشدا ئەم ڕەگەزانە ئامادەییان هەیە.
3. ئەگەرچی نالی شیعرەکانی لەڕووی تەکنیکییەوە دەچنە ناو چوارچێوەی شیعری کلاسیک و پەیڕەوی ئەو ڕێبازەن، بەڵام ناوەڕۆکیان پڕە لە ڕەگەزی ڕۆمانتیکی و دەیان نمونەی بەرزی ئەم مەبەستە، ئەمە جگە لە ڕەگەزی بەشێک لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی تری وەک ڕیالیزم و سیمبولیزم و ...تاد.لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێن.
4. نالی هەرچەندە لەناو ڕێبازی کلاسیکدا توانا شیعرییەکانی خۆی خستووەتە گەڕ، بەڵام جگە لەداهێنانی لەناوەڕۆک و مەبەستەشیعرییەکانیدا، لەڕووی فۆڕم و تەکنیکیشەوە هەنگاوی گەورەی ناوەو بەجۆرێک خاوەن شێوازو ستایلێکی تایبەت بەخۆیەتی، کە دەتوانرێت بەئاسانی بناسرێتەوەو تەنانەت ئەوانەش کە دوای خۆی کاریگەری نالییان بەسەرەوە بووە بناسرێنەوە.
5. لەشیعرەکانی نالیدا، هەریەک لە ڕەگەزە ڕۆمانتیکییەکانی (وێنەی هونەری و خودی) بەبەراورد بە ڕەگەزەکانیتر، زۆرەترین نموونەی بەرچاوە.

## سەرچاوەکان

ئەحمەد، مەریوان حمەکریم: ٢٠٢٢، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری (سالم)دا، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.

ئەحمەد،کەژاڵ حەمەامین: ٢٠١٠، بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

ئەرستۆتالیس:٢٠١١،هونەری شیعر،چاپی دووەم،عەزیز گەردی، سلێمانی،چاپ و پەخشی ڕێنما.

ئیسماعیل،سروود وەلی: ٢٠٠٨، سروشت لەشیعری کوردیدا، لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکانی مەولەوی و پیرەمێردو گۆراندا، زانکۆی بەغداد، بەشی کوردی.

بەصیر، کامل حەسەن: ١٩٩٣، مێژووی ڕەخنەسازی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغداد.

پیرباڵ، فەرهاد: ٢٠٠٦، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم، هەولێر،چاپخانەی منارە.

پیرباڵ، فەرهاد:٢٠٠٥، ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر.

سالار، احمد: ١٩٨٥، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر.

سەجادی، عەلائەدین:٢٠٢١، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی، بڵاوکراوەی کودستان، چاپی یەکەم.

حەمە، هیتلەر، ئەحمەد: ٢٠٠١، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

حوسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر: ٢٠١٠، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم.

ڕەشید، خوڕشید: ١٩٨٩، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

ڕەمضان،بێساران حمەکەریم: ٢٠١١، بنەما ڕۆمانسییەکان لەشیعری بێسارانی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

دیوانی نالی، ١٩٧٦، لێکۆڵینەوەو لیکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم ، چاپی سێیەم.

عیسی، هاوژین سڵێوە: ٢٠٠٩، بنیاتی وینەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.

عەلی، دڵشاد: ٢٠٠٧، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

عەزیز، سامان جەلال: ٢٠٢٢، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

فەتاح، ڕزگار عومەر: ٢٠١٤، ڕۆمانسیزم لەشیعری هێمن و محمد نووری دا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

قەرەداغی: عەلی شێخ عومەر:١٩٧٨، مەولەوی و سروشت، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد

کەسنەزانی،بوشرا، ٢٠٢١، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

کەریم، فەرهاد قادر:٢٠٠٩، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن: ٢٠٠٢، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

مەلازادە، ڕێبوار محمد، ٢٠١٦، نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مەلازادە،د. ڕێبوار محمد: ٢٠٢٠، تیۆری ئەدەبی،دەقی شیعری کوردی لەتیۆری ئەدەبیدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر.

محمد،عبدالقادر حمەامین: ٢٠١٢، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەورووپی-کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

مەولود، ڕێزان سالح: ٢٠٠٧، ئەندێشەی شیعریی لەنێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکیی کوردی لە کرمانجی خواروودا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زمان

محەمەد، مەسعود: ١٩٧٦، چەپکێک لەگوڵزاری نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

یەعقووبی، عەبدولخالق: ٢٠٢١، نالی، ئاشنای سیڕڕی قەڵەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەڵوەن ، سلێمانی.